سەرۆکی هەرێم لەگەڵ کاربەدەستێکی باڵێزخانەی ئەمریکا کۆبووەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە باڵێز دانیال ڤوبنستین کرد کە کارەکانی باڵێزی ئەمریکا لە عێراق بەدەبات.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی هەرێم لە راگەیەنراوەکدا باویکردووە: لە کۆبوونەوەیەکدا پێوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، پێوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، دۆخی هەرێمی کوردستان، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، یەکخستنەوەی پێشمەرگە و پرسەی چاکسازی لە وەزارەتی کاروبارەی پێشمەرگە، پێشهاتەکانی سوریا و دۆخی ناوچەکە، تاوتوێ کران.

هاوکات باڵێز ڤوبنستین جەختی لە پابەندیی ئەمریکا بە بەردەوامیی هاوکاری و پشتگیری لە عێراق و هەرێمی کوردستان کردەوە، و نێچیرڤان بارزانی ـ یش، سوپاس و پێزانینی بە هاوکاری و پشتگیریی ئەمریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، دەربڕی.

راگەیەنراوەکە ئاماژەی بە ئەوەشکردووە: هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر گرنگی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکە و کارکردن بە بەرقەراربوونی ئاشتییەکی جێگیر، هەروەها دەربارەی دۆخی ئەزدییان لە شەنگال و کریستیان و پێکهاتەکان لە دەشتی نینەوا، بیروڕایان گەیەنرا.

هەر لە کەبوونەوەکەدا کە کونسولی گشتیی ئەمریکا لە هەرەمی کوردستان ئامادەی بوو، تیشك خرایە سەر چەند پرسەکی دیکەی جەی بایەخی هاوبەش.